ژمارە( 3)
دووشەممە
18/15/2006

# نابۆ "بۆش"، نا بۆ "بیکەر-هامیلتۆن"..!
# بەڵی بو رفراندوم
# بو سەربەخویی کوردستان.!

بلاوکراوەیەکی هەفتانەی تایبەتە بەدەستوور، ریکخراوی کوردستان- حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراق—دەریدەکات

سەرنوسەر:
ئاسۆ کەمال
هاوکاری سەرنوسەر:
خەسرەو سایە
ژمارە (3)

## لەبەرانبەر راسپاردەکانی "بێکەر-هاملتون" دا، ڕیگا چارە جیابونەوەی کوردستان و پێکهێنانی دەوڵەتێکی سکولارو غەیرە قەومی یە

رأپۆرتو ڕاسپاردەکانی بێیکەر-هاملتون،وەرچەرخانێکی سیاسی‌یە لە ئیستراتیژو سیاسەتی ئەمەریکادا سەبارەت بەعێراقو ناوچەکە. سیاسەتێك کە عێراقو کوردستان بەپێی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا لە هەلومەرجی شکستی سیاسەتەکانیدا ئاراستەدەکاتو دەیەوێت جاریکی ترولە هەلومەرجێکی سیاسی تازەدا داگیرکاری ئەمەریکاو ئیدارەکەی بەڕویەکی سپیەوە لەم شکستە دەرباز بکات. سیاسەتێك دەیەوێت کە دەسەلاتی "أیە اللە"و "ئاخوندەکان"و تیرۆریستەکان لە قالبی عێراقێکی یەکگرتودا بسەپێنێتو بەعسیەکانیش بهێنێتەوە نێو دەسەلاتو لەمبارەوە بێبەشی نەکردون. سیاسەتێك کە عێراقی "صدام حسین"ی دەوێت بێ "صدام". ئەم سیاسەتە چنگی خوێناوی صدامی دەوێت بەلام بەبێ دەموچاوی ئەو. ئەمە ناوەرۆکی سیاسەتو ئیستراتیژێکە کە لە ڕاسپاردەکاندا هاتوە. ئەوەی هیچ جێگای گرینگی پێدان نیە مافو خواستو ئیرادەو بڕیاری خەڵکی عێراقە. ئەوەندەی بگەرێتەوە بۆکوردستان بەشێوەیەکی زۆر کۆنەپەرستانەو ملهوڕانە مافی خەڵکی کوردستانی زەوتکردوە سەبارەت بە بڕیاردان لەسەر چارەنوسی سیاسی خۆیانو لەمبارەوە هیچ ئاماژەیەك بۆ ئیرادەو بڕیارو مافەکانی خەڵکی کوردستان نەکراوەو تەنانەت پاشقولێکی گەورەشیان لە هاوپەیمانەکانی خۆیان گرتوە، کە ئێستا دەسەلاتداری کوردستانن. ئەم سیاسەتو ڕاسپاردانە دەبێت بە ئیرادەو خەباتی ڕێکخراو یەکگرتووی خەڵکی کوردستان پێشپێبگیرێت.

لەبەرانبەر ڕاپۆرتو 79 ڕاسپاردەکەی بێیکەر-هاملتۆن"دا، ناسیونالیزمی کورد وەکو بزوتنەوە بەتەواوی قەلەم بەدەستانیو ڕۆژنامە بێشومارەکانیو ئەحزابی سیاسی لە کوردستانداو بەتایبەت هەردوو حزبی دەسەلاتداری کوردستانی عێراق، تووشی هەناسە برکێ بوون. ئەوان حەقیانەو ڕاگەیاندنەکەی بارزانی سەبارەت بەم ڕاسپاردانە بەشێوەیەکی ڕۆشن ئەم نێگەرانیەی ناسیونالیزمی کورد نیشان دەدات کە چۆن وەك سەربازی بێ مووچە دەرچون. یەکێتی نیشتمانی کوردستانو پارتی دیموکراتی کوردستانو قەلەم بەدەستەکانی ناسیونالیزمی

بۆلاپەرە 3

## پیتەر گاڵبرێس داوا دەکات ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان رێکبخات

دوای بڵاوبوونەوەی راپۆرتی لیژنەی "بەیکەر –هاملْتۆن" ، پیتەر گاڵبرێس دیبلۆماتی پێشووی ئەمەریکا، داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات کە "ئەگەر پێشنیارەکانی لیژنەی ناوبراو لە عێراق جێبەجێکرا، ئەوە هەموو پێوەندییەکانی لەگەڵ حکومەتی ناوەندی رابگرێت" پیتەر گاڵبرێس لە لێدوانێکی تایبەت بە رادیۆ دەنگی ئەمەریکا، داوا لە حکومەتی کوردستان دەکات، ئەگەر پێشنیارەکانی لیژنەی ناوبراو جێبەجێکرا، ئەوە گشت پێوەندییەکانی لەگەڵ بەغدا رابگرێ و ریفراندۆمێك بۆ سەربەخۆیی کوردستان رێکبخات.



## ڕاپۆرتەکەی بیکەر-هاملتۆن و فەشەلی بزووتنەوەی کوردایەتی

حەمەغەفور
mgafor@yahoo.com

ڕاسپاردە مەیدانییەکانی ڕاپۆرتەکەی بیکەر-هاملتۆن دەربارەی لێکۆڵینەوەی ستراتیژی لەمەڕ ئاییندەی سیاسەتی ئەمریکاوە لە عێراق، کە ڕۆژی چوارشەممەی ڕابردوو لەبەردەم ئەنجوومەنی پیراندا دایانە دەستی (جۆرج دەبلیو بۆش)ی سەرۆکی ئەمریکا، ڕاشکاوانەترین دانپیانانی شکستی سیاسەتی ئەمریکا بوو لەلایەن سەنتەری ئاراستەکردنی ستراتیژیی سیاسەتی خاریجی ئەمریکاوە لە ماوەی نزیك بە چوار ساڵ بەسەر هات و هاوار و تەحەدداکردن بۆ سەرکەوتن و بنیاتنانی "دیموکراسی" لە عێراقدا. ڕۆژی پێنجشەممەی دوای ئەویش بەشوێن کۆبوونەوەی لەگەڵ تۆنی بلێردا، جۆرج بۆش بڕیاریدا کە ئەمریکا پێویستی زۆر حەیاتیی بەوە هەیە کە نەهجێکی جیاواز بگرێتەپێش لە عێراقدا. ئەم بادانەوەیەی ئەمریکا شتێکی چاوەڕوانکراوبوو لە ئاستی نێودەوڵەتی و ناوەندە سیاسییەکانی جیهان و ناوچەکەشدا. چونکە ئاکامەکانی سیاسەتی داگیرکاریی ئەمریکا کۆمەڵگای عێراقی بەرەڕووی کارەساتی جەنگێکی تائیفی و قەومی کردەوەو بەکردەوە ئامانجی سەرەکی و ڕاگەیەنراوی، کە بە "لەناوبردنی تیرۆر" ناسرابوو، بەجۆرێکی وا ڕیسوابوو کە لە مێژوودا ئەم برگەیەی ژیانی

بۆلاپەرە 4

## کاتێ سەری دەستور و دەسەڵاتی یەکیتی وپارتی کێشای بە راستیەکانی بیکەردا



ئاسۆ کەمال

راپۆرتەکەی بیکەر-هاملتون بوە مایەی نارەزایەتیەکی ڕەوا لەکوردستاندا. بارزانی و تالەبانیش وەك ئەمریکا ژەهری بۆ کردبنە پیکیانەوە تووشی هاوار وپەلەقاژەکردن بوون و مەسەلەی دەستوری کوردستانیان هەلگرت و لە بەغداد بەدوای ڕێگای دەربازبون لەم کابوسەدا دەگەڕێن.بەڵام هێشتا خەلکی کوردستان پەیان بە ڕاستی پشتی ئەم ڕاپۆرتە نەبردووە . یەکێتی وپارتیش هەوڵی ئەوەدەدەن کە ئەو دووربینەی بیکەر داویەتیە دەست خەڵکی تا راستیەکانی ئایندەی سیاسەتی ئەمریکا لەپێش چاوو نزیك بخاتەوە ،بە شتیکی نەفرەت لیکراو و ژەهراوی لەقەلەم بدات و بەم شێوەیە وەك 15 ساڵی رابردوو خەلك بەفریوی "دۆستی یەکەمی ئەمریکا کوردە لەناوچەکەدا" خەلك کوێرکەن لەئاست ئەو راستیانەدا.

رەخنە ونارەزایەتی خەلکی کوردستان تەنها ڕوو لە راپۆرتیکی بیکەر -هاملتون نی‌یە کە بۆچی فیدرالی لادەبا و کەرکوك دەداتە دەست دەولەتانی ناوچەکە و سەرکردەکانی بەعس دەکاتەوە بەشەریکە دەسەلات و ریگە بۆ دیکتاتۆریەت و دروستکردنەوەی دەولەتی مەرکەزی سەرکوتگەر و کۆنترۆلی داهاتی نەوت دەدات؟ بەلکو دەبێت رەخنە و نارەزایەتی بەرامبەر بەسەرجەم سیاسەتەکانی ئەمریکا و پاشکۆیەتی یەکیتی و پارتی بۆی بێت کە بۆچی دوای 15 ساڵ لە چاوەروانی و دوای 3 سال لەروخانی بەعس چارەنوسی کوردستانیان لەم ئایندە ڕەش و تاریکە نزیك خستۆتەوە. ئەم نارەزایەتیانە بەفشار هینان بۆ بوش و ئیدارەکەی بۆ چاکردن و راستکردنەوەی راپۆرتەکەی بیکەر -هاملتون و راپۆرتەکانی دواتری وەزارەتی دەرەوە و پنتاگون و CIAئەنجامێکی نابێ. سەرخەتی سیاسەتی ئەمریکا لە عیراقدا بریتی‌یە لە سازان لەگەڵ ئیسلامی سیاسی شیعە و سونە و

⟹ دریژەی ..

**کاتێ سەری دەستور و دەسەلاتی یەکیتی و پارتی ...**

بەعسیەکان و دەولەتانی ئیران و تورکیا و سوریا و دەولەتانی عەرەبی و قوربانیکردنی وەزعی دیفاکتۆی کوردستان و پاشکۆکردن و خستنەوەژێررکیفی ئەو دەسەلات و دەولەتانە بریاری لەپێشەوە دراوی ئەم سیاسەتەیە و راپۆرتەکەی بیکەر –هاملتون تەنها پێش وەخت و بەڕاشکاوی ئەم سیاسەتەی خستۆتە پێش چاوو.
بارزانی و تالەبانی نارازی نین بە سەرجەمی ئەم سیاسەتەی ئەمریکا کە کوردستانی لەپاشکۆیەتی وەزعی عیراق و سازانی ئەمریکا و نەیارەکانیدا راگرتوە بەلکو نارەزایەتی ئەوان بە کەمکردنەوەی دەور و بەشە دەسەلاتیانە لەم یاری کردنە بەچارەنوسی کوردستانەوە.ئەوان بەم سیاسەتەی ئەمریکا رازین و وەکو کارتی فشاری ئەمریکا یاری دەکەن بەلام ئامادەنین ئەنجامەکەی قبولّ بکەن.ئەمریکاش بۆ دەربابونی خۆی لەم شکستە لە عیراقدا دۆستایەتیەکەیانی خستۆتە کۆتایی لیستەکەیەوە ئەگەر خانەنشینی نەکردبێتن.لەکۆتایدا لەم سەرانە جگە لەهاتوهاواری خیانەتکردنی ئەم جارەی ئەمریکاش چاوەروانی بیستنی شتیکی تر مەبن.
ئەو دەرسەی خەلکی کوردستان دەبێت لە راپۆرتەکەی بیکەر – هاملتونی وەرگرن ئەوەیە کە سیاسەتی پاشکۆیەتی بۆ عیراق هەرچۆن بڕازیندریتەوە بەناوی فیدرالی و چارەسەری کێشەی کەرکوك و نەوت بەپێی دەستوری عیراقی و هتد..ئەنجامەکەی قوربانیکردنەوەی ماف و چارەنوسی خەلکی کوردستانە.ئەمە ڕێگایەکە کە سیاسەتی ئەمریکا بۆ دیاریکردنی چارەنوسی کوردستانی داناوە و یەکێتی و پارتیش پەیڕەوی دەکەن و تا ئێستا نانی لیّدەخۆن.هەربۆیە ڕێگای نارەزایەتی دەربرین بەم سیاسەتەی ئەمریکا و راپۆرتەکانی گرتنە بەری رێگای بەرپاکردنی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستانە و ئەمە دەبێت شیعار و دروشمی نارەزایەتیەکانی ئێستای خەلکی کوردستان و بەرنامەی لایەنە سیاسی و جەماوەریەکانی بێت. ئیمە بانگەوازی خەلکی کوردستان دەکەین بۆ کۆبونەوە لەدەوری ئەم شیعارە و کارکردن بۆ جێبەجێکردنی.

# گۆشەی بۆ "نا".. بۆ دەستور؟

## بۆچی ئێمە "نا" دەڵێین بەم دەستورە پێشنیارکراوە بۆ کوردستان؟

### مەریوان هەلەبجەیی وەلامی پرسیارەکانی ئەم ژمارەیە

**لەدەستووردا یەکێک لە چارەسەرکردنە کێشە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگا نەخوێندنی وانەکانی ئایینە لە سەرتاییو دواناوەندیدا.**

لابردنی وانە ئایینەکان لە مەنهەجی خوێندندا جارێکی دیکە بەگەڕخستنەوەی درکاندنی ئەو راستییانەیە کە لە داواکردنیدا چەندین کەس بوونە قوربانیو چەندانی دیکەش ئاوارەی هەندەران بوون. پێویستە تاکەکانی کۆمەڵگا لەگەڵ هەموو نوسەرانو ئازادیخوازاندا جارێکی ترو بە یەك دەنگو بە یەك هەڵوێستەوە بە شێوەیەکی راستەوخۆو بەرێگەیەکی سیاسیو یاسایو فەرهەنگییەوە روو بکەینە نوسەرانی ڕەشنووسی دەستوورو داوا بکەین سیستمی خوێندنی زانستی لە خوێندنگاکاندا لە خوێندنی بیرو تێزی ئایینی مزگەوتەکان جیا بکرێنەوە. هەوڵ بدەین بە لایەنی کەمەوە تا قۆناغی شەشی ئامادەیی خوێنکاران وانەی ئایین نەخوێنن. ئەمەش لە دەستووردا وەك خاڵێکی بنەڕەتی بنوسرێت.
روانین لە دەوڵەتو کۆمەڵگا ئازادیخوازانەی دونیا جیاوازە لەو روانینە تەقلیدییەی ئیسلامگەراکان لە ژیانی دەڕوانن. بینینو بیستنی ئەو واقعحاڵەی مرۆڤەکان تێیدا دەژین حەقیقەتێکمان نیشان دەدات کە ئایین هۆکاری سەرەکی دواکەوتنی کۆمەڵگاکانە. ئەو وەسیلە وردو کاریگەرەی کۆمەڵگا ئازادیخوازەکان بۆ ڕزگاربوون لە بیری خورافە بەکاری دێنن دوورخستنەوەی خوێندنە ئایینیەکانە لە قۆناغەکانی خوێندندا, بە تایبەت قۆناغی سەرەتاییو دوا ناوەندی. بۆ نموونە زانستی کۆمەڵگا پێشکەوتوخوازەکان شیکردنەوەی دیاردە سروشتییەکانە هەر لە مەسەلەی پزیشکییەوە تا دەگاتە هەسارەکانە بۆ ئەم دونیای ئازادیخوازان. بەڵام زانستی ئایین بریتییە لە چۆنێتی تاراتو دەستنوێژو ژنو ژنخوازیو جیهادکردن بۆ ئەو دونیای موسڵمانان.

> **پێویستە لە دەستووردا ( زەکات و ئابووری ) ( فیزیا و دەستنوێژگرتن ) ( تەکنەلۆژیا و تاراتگرتن ) ( سیاسەت و جیهادکردن ) ( هونەرو ڕۆژووگرتن ) ( فەرهەنگ و حەجکردن ) لەیەکتر جیابکرێنەوە. یەکەمیان بۆ خوێندنگاکان و دووهەمیشیان بۆ مزگەوت ڕەوانەبکرێن.**

جیاوازی نێوان ئەم دووانەش ئاسمانو ڕێسمانە.
بە داخەوە ئەم راستییە تا ئێستا لە سیستمی پەروەردەی کوردیدا هەستی پێنەکراوە. لە کاتێکدا هەموو توێژەرە پەروەردەییو کۆمەڵایەتییەکان قسەیان لەسەر ئەم مەسەلەیە کردووە.
دەبێ دامەزراوە پەروەردەیەکانی کوردستان بە خۆیاندا بچنەوەو بەم دەستوورە نوێیە پێمان بڵێن راستییەکان لە کوێدان.؟؟ پێمان بڵێن کامەیان راستە پەنا بردن بۆ هێزێکی نادیار یاخود زانستەکانی سەردەم..؟؟ دەبێ یەکلاییمان بکەنەوە لەوەی خوێنکاران کام راستییانە بخوێنن, ئەو چیرۆکانەی کە دەڵێت سەرەتاکانی ژیانی مرۆڤایەتی دەگەڕێتەوە بۆ ئەشکەوت, یاخود ئەو چیرۆکانەی کە سەرەتاکانی ژیان دەگەڕێتەوە بۆ دوو کەس کە لە بەهەشتەوە دابەزیون..؟؟
دەبێ مامۆستاکان شەرم بیانگرێت لە وانەی سێهەمدا بە قوتابیان دەڵێن کیشوەری ئەمریکا لە سەدەی پانزەهەمدا دۆزراوەتەوە, بەڵام لە وانەی چوارهەمدا پێیان دەڵێن سێ هەزار ساڵ لەمەو پێش حەزرەتی نوح بە تاقی تەنیا کەشتییەکی دروست کرد قەبارەکەی بە قەد هەموو کوردستان بوو, چونکە نوح توانی هەموو جۆرە گیانلەبەرو زیندەوەرێك, بە مرۆڤو باڵندەو ئاژەڵانەوە, بە نێرو مێوە, لەو کەشتییەدا جێیان بکاتەوەو لە مردنی حەقیقی رزگاریان بکات. ئەو خوێنکارو قوتابییە منداڵانەی گوێبیستی ئەم چیرۆکە دژ بەیەکە دەبن, دەبێ بە چ قۆناغێکی سەختو دژواردا تێپەڕ ببنو دەبێ توشی چ نەخۆشییەکی (کەرتە جودایی, الازدواج الشخصیە) بن..؟؟
دەبێ دەستوور ئایین رەوانەی مزگەوتەکان بکاتەوەو زانستیش لە خوێندنگاکاندا بهێڵێتەوە. وەك سەردەمانی زوو هەموو ئەو چیرۆکانەی پەیوەندیان بە ئایینەوە هەیە بە مامۆستاکانیانەوە ڕەوانەی مزگەوتەکان بکرێنەوە. پێویستە لە دەستووردا (زەکاتو ئابووری) (زانستو دەستنوێژگرتن) (تەکنەلۆژیاو تاراتگرتن) (سیاسەتو جیهادکردن) (هونەرو رۆژووگرتن) (فەرهەنگو حەجکردن) لەیەکتر جیابکرێنەوە. یەکەمیان بۆ خوێندنگاکانو دووهەمیشیان بۆ مزگەوت.
گومانی تێدا نییە ئەگەر نوسەرانی رەشنوسی دەستووری هەرێمی کوردستان راپرسییەکی گشتی بکەن (تەنها بۆ ئەم مەبەستە) ئەگەر کاریگەری خیتابی ئایدۆلۆژی حزبەکانی لەسەر نەبێت, بەشی هەرەزۆری دەنگدەران بۆ خۆیان مسۆگەر دەکەن. چونکە لەدەستووردا یەکێك لە چارەسەرکردنە کێشە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگا بەلایەنی کەمەوە نەخوێندنی وانەکانی ئایینە لە سەرتاییو دواناوەندیدا.

**نا بۆ " بۆش " نا بۆ بیکر - هاملّتۆن "**

**بەلّیّ بۆ ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان..!**

**ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی هەر ئیّستا ...**

**وەلامی ئیّمەیە بە بۆش و بیکر - هاملّتۆن!**

**حیزبی کۆمۆنیستی کریّکاری عیّراق**

# بۆچی ئەبێت ئیعدام و حوکمی ئەبەدی لە دەستوردا نەبێت

**عامر سابیر**
asabir79@hotmail.com

لە ناوخۆی ئەمریکادا کە تا ئێستا لە چەند ویلایەتێکیدا حوکمی ئیعدام ماوە و ئەنجام ئەدرێت، ڕێژەی تاوان هیچ کەمتر نییە، لە چاو ئەو ویلایەتانەی کە حوکمی ئیعدامی تیادا نەماوە.

واتە ئەنجامدانی ئەم سزا نا ئینسانییە (کە خۆی لە خۆیدا تاوانە) هۆکارێك نییە بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی تاوان لە کۆمەڵگەدا. بەڵکو بۆ کەمکردنەوەی تاوان ئەبێت کێشە کۆمەڵایەتییەکان چارەسەر بکرێت.

لەم ڕەشنوسی دەستورەی ئێستادا، ئەو هەموو دەسەڵاتەی دراوە بە سەرۆکی هەرێم، ڕێك ئەیکات بە دکتاتۆر و مۆتەکەیەك بە سەر خەڵکی کوردستانەوە، کە بۆ جارێکی تر سەدام بە جلی کوردییەوە بیری خەڵکی کوردستان ئەهێنێتەوە.

سبەی ڕۆژ ئەگەر کەسوکاری ئەو هەزاران کەسەی کە ڕۆڵەکانیان، مێردەکانیان، براکانیان لە شەڕی بەینی پارتی و یەکێتیدا کوژرا، بچنە دادگا و مەسعود و جەلال و سەرانی تری ئەو حیزبانە بدەنە دادگا، یان کەسوکاری بەکر عەلی بچن سالار عەزیز بدەنە دادگا، یان نێچیرڤان بەرزانی و سەرانی تری پارتی ڕاکێشرێنە دادکا لە سەر تیرۆرکردنی نەزیر عومەر و ڕەئوف کامیل، یان کەسوکاری ئەو پێنج کۆمونیستەکەی کە به ئەمری ناوشیروان تیرۆرکران لە گەڵ کەسوکاری حەمەی حەلاق و هاوڕێکانی، ناوشیروان مستەفا و مەلا بەختیار بدەنە دادگا، ئەوا شکاتلێکراوەکان بە پێیی ماددەی 74ی ئەم ڕەشنوسی دەستورە، کە ئەڵێت ( ڕێزگرتن و بەرزراگرتنی سیمبولەکانی بزاڤی ئازادیخوازی کوردی و شۆڕش و شەهیدەکانی و پاراستنی شکۆمەندی کەسوکاریان و پێشمەرگە دێرینەکان و خەباتگێڕان و بەشداربووان تیایدا ئەرکێکی پیرۆزە لە سەرحکومەت و هاوڵاتیانی کوردستان) نەك گوێ لە خاوەن داواکان ناگرن، بەڵکو تاوانباریش ئەکرێن و ئەبێت دیفاع لە خۆیان بکەن.

هەندێك لە بەناو ڕۆشنبیرانی ئەمڕۆی کوردستان دوای قەرەباڵغی کەوتون و شاگەشکە بوونە و هەلهەلە لێئەدەن لە سەر ڕاگەیاندنی حوکمی ئیعدام و ئیعدامکردنی سەدام و ئەو ئیسلامیە ڕەسەنە نێربازەی ناوی زانا بوو، ئەمانە زۆر کورت بینن، دوێنێ ئەبینن بەڵام ئەمڕۆ و سبەی نابینن، وەیان هەندێکیان شەرمنۆکانە دەبڵ ستاندەرن و ئەڵێن دژی ئیعدامین بەڵام نەك بۆ زانا و سەدام.



لە هەموو ئەو وڵاتانەی کە ئەم تاوانە (ئیعدام)ی تیادا ئەنجام ئەدرێت، هەر لە چین و ڤێتنامەوە تا وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەشی هەرە هەرە زۆری ئەوانەی کە ئیعدام ئەکرێن مجرم و قاتلە گەورەکان نیین، بەڵکو کەسانی سیاسی و ئۆپۆزیسیۆنی دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتانەن.

لە ئەمڕۆ بەدواوە ئەگەر ئەم سزای ئیعدامە لە ڕەشنوسی دەشتوری کوردستاندا لانەبرێت، ئەوا ئەوانەی کە حەقی ژیانیان لە لایەن سەرۆکی هەرێمەوە بە پێی ماددەی (19 و 104 خاڵی نۆیەم) لێدەسەندرێتەوە، واتە ئیعدام ئەکرێن، ئەو کەسانەن کە پێیان وایە هیچ کەسێك و هیچ شتێك لە سەرو ڕەخنە لێگرتن و گومان و پرسیار لە سەردانان نییە، ئەو خاوەن قەڵەمانەن کە سەربەستانە ئەنوسن و دەسەڵات بۆی دەستەمۆ ناکرێن، ئەو کەسانەن کە خۆپیشاندان لە شارەکاندا ئەنجام ئەدەن، کە داوای مافی خوراو و داواکاریەکانیان ئەکەن، کە داوای نەمانی گەندەڵی و سزادانی دزەکان ئەکەن، کە داوای ڕیفراندۆم و جیابونەوە ئەکەن، ئەو کرێکار و قوتابیانە ئیعدام ئەکرێن کە بە مانگرتن و خۆپیشاندان داوای ماف و ئازادیە سیاسیەکان ئەکەن، ئەو کەسانە ئیعدام ئەکرێن کە داوای دادگایی کردنی پاڵەوانانی 31ی ئاب و جەلادەکانی پشتئاشان ئەکەن، ئەو کەسانەن کە داوای دادگایی کردنی سیخوڕەکانی بەعس و بەکرێگیراوەکانی ئێران ئەکەن.

بەرەی چەپ و ڕادیکاڵ و ئازادیخوازی و ئینساندۆستی لە کوردستاندا، بەرەیەکی گەورە و فراوانە و زۆر دەمێکە لە دژی ئەنجام دانی ئەم سزا نا ئینسانیە (ئیعدام) قسەی کردووە ، بەڵام هەندێ لەو بەناو ڕۆشنبیرانەی کە تازە بە خەبەر هاتوون، پێیان وایە کە ئیعدام کردنی زانا و سەدام سەرەتایە بۆ (نا) ی ئەم بەرەیە لە دژی ئیعدام.

خەڵکی کوردستان ئیتر هەرگیز نایەوێت کە دەسەڵاتدارانی کوردستان خوی بە بەعس و هاوشێوەکانی بەعس بەراورد بکات. بۆیە دەستورێك ئەگەر بۆ خەڵکی کوردستان بێت، کە چەندین ساڵە ئەچەوسێتەوە و ئازادی ئەوێت ، نابێت ئیعدام و زیندانی هەتا هەتایی تیادا بێت.

30/11/2006

# ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی هەر ئێستا ... وەلامی ئێمەیە بە بۆش و بیکر - هامڵتۆن...

⟹ **دریژەی ... لەبەرانبەر ڕاسپاردەکانی "بێکەر-هاملتون" دا، ڕێگا چارە**

کوردو ڕۆژنامەو ڕاگەیاندنەکانیان بۆماوەی 16 ساڵە بێئەوەی تۆزقاڵێك هەستی ئینسانی نیشان بدەنن پەنجە مۆری خۆیان دا لەسیاسەتی جینۆسایدی گەمارۆی ئابوری بۆ سەر خەڵکی عێراق، بۆ سیاسەتی بۆردومانی ڕۆژانەی خەڵکی عێراقو تەنانەت هاوارو ناڵەی پیرساڵانو گریانو قیژەی منداڵانو کوژرانی ڕۆلەکانی ناوەراستو باشوری عێراق، لای ئەم هێزو نوسەرانە بوبوە پەیامی هێنانی "ئازادیو دیموکراتی"و بەزەرەیەك ویژدانی نەدەبزواندن. دواین جاریش لەپێناو مەرامە سیاسیەکانی خۆیاندا، بەگوڵو هەلهەلەوە سیاسەتی شەرخوازانەی ئەمەریکایان دژ بەخەڵکی عێراق پێشوزای کرد لەکاتێکدا هێزی دەیان ملیۆنی ئازادیخوازو موتەمەدنی دنیا لەخەباتێکی سیاسی بێوینەدا هاتنە مەیدان دژ بەجەنگو سیاسەتی شەرخوازانەو کۆنەپەرستانەی ئەمەریکا. ئەم هێزە ناسیونالیستانەی کوردستان نەك هەر پشتیان کردە ئەم هیزی ئازادیخوازە، بەڵکو لە کوردستانولەلەندەنو ئەمەریکاوە بە " کەم عەقل" یان لە قەلەم دەدان. دوای ڕوخانی حکومەتی بەعسی گۆڕ بەگۆڕیش بەتەواوی داگیرگاری ئەمەریکایان وەك "مژدە هێنەری دیموکراتیو بەدەست گەیشتی مافەکانی خەڵکی کوردستان نیشان دەدات"و لەچوارچیوەی سیاسەتەکانیدا تا ئێستا پەل دەکوتنو تەنانەت تا ئێستا بە "هاوپەیمانی ئیستراتیژی" ناو زدەی دەکەنو لەم چوارچیوەیەدا بێگویدانە مافی سیاسی خەڵکی کوردستان پەنجە مۆری خۆیان دا لە تەواوی سیاسەتە کۆنەپەرستەکانی ئەمەریکاو حکومەتی ئیسلامی سیاسیو قەومیەکان لە بەغداو بەزۆری نان بڕینو موچە بڕینو شەهیدانە بڕینو تەنانەت چاوسورکردنەوەی دەرکردن لەسەرکار ، چەند جار خەڵکی کوردستانیان ڕاپیچکرد بۆ دەنگدان بۆ لکاندنی کوردستان بەعێراقەوەو بۆکۆنەپەرسترین دەستورێك کە لەدنیای هاوچەرخدا هەبێت، لەپێناو بەرژەوەندییە کاتیەکانی خۆیانو بەشە پێبڕاوی دەسەلاتی خۆیاندا لە بەغدا لەژێر ناوی "فیدرالیزم"دا. ئەوان حەقی خۆیانە شینو ڕۆڕۆ بکەن بەقەوڵی خۆیان "مایەپوچ"دەرچون.

"مایەپوچ" دەرچون چونکە ڕاسپاردەکانی بێیکەر–هاملتون، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ تەواوی خەونەکانی ناسیونالیزمی کوردو دوو حزبە دەسەلاتدارەکەی لە کوردستان هێناوەتە ژێر پرسیاری گەورەوە. فیدرالیزمو ماددەی 140و گێرانەوەی "نەوت" بۆ مەرکەز، "مجموعە دعم الدولی"و.... بەکورتی دەستوری ئێستای تورِ هەڵداوە. بەم پێیەش بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ سرینەوەی خەونەکانی ئەم بزوتنەوەیەو هێزەکانیەتی کە ئەمجارەیان سەرەڕای ئاگادارکردنەوەکانی ئێمە تەنانەت لە پێش دەستپێکردنی داگیرکاری ئەمەریکادا لیدری حزب ریبوار ئەحمەد لەمبارەوە نامەیەکی کراوەی ئاراستەی هەردوو سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانیو سەرۆکی پارتی دیموکرات کردو بەشێوەیەکی ڕۆشن ئاماژەی بەوە دابوو کە "ئەمریکا دۆستو پشتیوانی خەلکی کوردستانو مافو خواستەکانیان نیە، بەلکو بە هۆی ئەم دوو حزبەوە مەسەلەی کورد وەکو کارتیك بەکاردەهینی بۆ مەرامەکانی خۆی"و دوای ڕوخانی حکومەتی بەعسیش چەند جار لەمبارەوە بە نوسینو ڕاگەیاندنو وتار ئاگادارکراونەتەوە، بەڵام دیسان ئەوان لە " گەمەی ئەمەریکی"دا زیاتر پەلیان کوتا.

خەڵکی ئازادیخوازو نارازی کوردستان!

وا جاریکی تریش ناسیونالیزمی کورد لە تاقیکردنەوەی سیاسیدا ڕاسب بوو. وەك عادەتی خۆشی ئەمجارەش پێدەچێت ئامادە نەبێت تەحمولی لێپرسراویەتی خۆی بکاتو ڕابگەیەنێت کە سیاسەتەکانی چەوتو فاشل بوون.

بەڵام بۆئەوەی ئێوە نەبنە قوربانی ناکامیو فاشل بونی ئەوان پێویستە چیتر هیوای خۆتان نەبەستنەوە بەبەندو بەستو دیبلوماسی نهێنی هەردوو حزبی دەسەلاتدارو هەڕەشە بێ ناوەڕۆکەکانیان کە هەرگیز جێبەجێیان نەکردوە. ئەمڕۆ ئیتر هەموو وەرەقەکانی ئەوان ڕۆشنە. ڕیگای رزگاری ئێوە تەنهاوتەنها خەباتی یەکگرتوو ڕێکخراوی خۆتانە بۆ بەدیهێنانی ریفراندۆمێکی گشتیو ئازادو جیابونەوەی کوردستانو پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی سکولارو غەیرە قەومی. دەوڵەتیك کە ئیتر بۆ دواین جار چارەنوسی سیاسی ئیوە دوردەخاتەوە لەگەمەو سیاسەتەکانی وولاتانی دنیاو ناوچەکەو خۆتان لەریگای ئیرادەو بریاری خۆتانەوە بەریوەی دەبەن. حزبی ئیوە، حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق کە داهێنەرو خەباتکاری ئەم ڕیگایە بوە، بەهەموو توانایەوە بۆ ئەم ئامانجە خەبات دەکات. ئەمە ئەلتەرناتیڤی ئێوەیەو وەرن لەدەوری خۆتان ڕێکخراو یەکگرتوو بکەن.

ڕیکخراوی کوردستان
حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق
12/12/2006


## دریژەی .... ڕا پۆرتەکەی بیکەر-هاملتۆن و فەشەلی بزووتنەوەی کوردایەتی

سیاسی دەوڵەتی ئەمریکا بە باشترین فاکتەری سەرهەڵدان و زیندووکردنەوەی پیسترین و هارترین کۆنەپەرستانی ئیسلامی دادەنرێت. سەردەمێك کە هیچکاتێك مرۆڤایەتی بەمجۆرە نائارامی و ترس و دڵەڕاوکە یەخەی پێنەگرتووە. تەنها ناسیونالیزمی کوردو حیزبەکانی نەبێ کە بە مناسەبەو بێمناسەبە بە شانوباڵی ئەمریکاو سیاسەتەکانیدا هەڵیاندەدا. بەڵێ سەرەنجام ببینن مەترسی ئەم ڕاپۆرتەو گرتنەبەری نەهجێکی سیاسی نوێ لە عێراق بۆ سەر ئێستاو ئایندەی کوردستان و خەڵکەکەی بە شێوەیەکی ئاشکراو بێپەردە لە ڕاگەیاندنەکەی (مەسعود بەرزانی)دا دەبینرێ کە ڕۆژی پێنجشەممە 2006-12-7 بڵاوی کردەوە. بەرزانی دەڵێ، لیژنەکە نەهاتوونەتە کوردستان و هیچ حسابێکیشیان بۆ "کورد" نەکردووە. لە شوێنێکی تردا ڕاپۆرتەکە باسی ڕێکەوتن لەگەڵ پاشماوەکانی حیزبی بەعس دەکات! بەڵام پاش چی! ؟ دوای ئەوەی سەرلەنوێ هەموو هیواو ئارەزووەکانی ئەم خەڵك و کۆمەڵگایە لەسای سەری ئەم حیزبانەوە خەریکە دەخرێنەوە ژێرپێ؟! ئایا هەرەسی ستراتیژی ئەمریکی لە ناوچەکە بێجگە لە نوشوستێکی دیکەی بزووتنەوەی کوردایەتی، شتێکی دیکەی لێ چاوەڕوواندەکرێ بۆ کوردستان؟ ئایا گازندەکانی بەرزانی دەربارەی ڕاپۆرتەکەی بیکەر-هاملتۆن کێ گوێی لێدەگرێ و بەدەردی چی دەخوات؟ ئایا بەهەق دوای 15ساڵ چاوەڕووان هێشتنەوەی خەڵکی بەدیار وەهمی سەرکەوتنی سیاسەتی ئەمریکاوە کێ لەم مەترسییە نوێیە بۆ سەر کوردستان بەرپرسیارە؟ ئایا ئیتر کەسێك ماوە بڕوای نەهێنابێت کە بزووتنەوەی کوردایەتی لەناو بنبەست و بێ ئاسۆییدا نوقوومبووە!؟ بەبڕوای من هەڵوێستی "سەرۆکی هەرێمی کوردستان" لە هەڵوێستی مستەفا بەرزانی دوای ڕێکەوتنەکەی جەزائیری ساڵی 1975زیاتر نییە!

کوردستان نابێت دووبارە ببێتەوە بە قوربانی مایەپووچی بزووتنەوەی کوردایەتی. بەدیل و ئاسۆی سیاسی ڕوون و بەرجەستە هەیەو دەکرێ هەڵبژێرن و شانسی بدەنێ. خەڵکی کوردستان هەقیانە بۆ یەکجاریش بێت شانس بدەنە ئیرادەی سەربەخۆیان و لەدەوری کۆمۆنیزمی کرێکاری خۆیان ڕێکخەن و ئیرادەی جەماوەرییان بخەنەگەڕ. بەڵام دەبێ سەرەتا خەڵکی کوردستان ڕیزی خۆیان لە بزووتنەوەی گەندەڵی و نوشوست جیاکەنەوە. هەڵوێست و سیاسەتی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق هەر لە سەرەتاوە چ دەربارەی سیاسەتی ئەمریکا لە عیراق، جا سەبارەت بە مایەپووچیی ئەم سیاسەتە بێت بۆ لەناوبردنی تیرۆر، یاخود سەبارەت بە گاڵتەجاڕی بنیاتنانی دیموکراسی خەیاڵپڵاوی ناسیونالیزمی کورد بێت، وەیا دەربارەی هیچ لەبارانەبوون و بێ ئاسۆیی بزووتنەوەی ناسیونال-عەشیرەیی کوردی بۆ وەڵامدانەوە بە زوڵمی قەومی و کێشەی مێژوویی کورد، وەکو ڕۆژ ئاشکراو دیارە. ئێمە بە سەراحەت و بێ پێچوپەنا ڕامانگەیاندووەو لە پەسەندکراوەکانی کۆنگرەمانە، کە کێشەی کورد تەنهاو تەنها دەتوانێ لە ڕێگای سازکردنی ریفراندۆمێکی ئازادەوە چارەسەربکرێ. لەو گشتپرسییەدا لەژێر چاودێری ئۆرگانە نێودەوڵەتییەکاندا خەڵکی کوردستان دەتوانن بەشێوەیەکی ئازادو عادلانە بڕیار لەسەر چارەنووسی وڵاتەکەیان بدەن. تەنها بەم ڕێگایە ئیمکانی ئەوە پێکدێت کە هەڕەشەی دەوڵەتانی فاشیستی دەوروبەرو ناوەندیش لەسەر خۆیان و چارەنووسیان دوورخەنەوە. ئێمە بە قووڵی و پتەوی بڕوامان بە ئیرادەی جەماوەری خەڵکی کوردستانە، دووپاتیشی دەکەینەوە کە لە سەردەمی ڕاگەیاندنی نوشوستێکی دیکەدا لەلایەن بزووتنەوەی کوردایەتییەوە، کە چارەنووسی ئەم کوردستانەو ئەم خەڵکە لە ریفراندۆمێکی وادا مەیسەرو یەکلادەکرێتەوە. ئەمەش تاکە زەمانەتێکە کە ئاراستەی ژیانی سیاسی ئەم کۆمەڵگایە بەدەستی خەڵك خۆیان بە ڕێبازی ڕزگاری و سەربەخۆیی و ئارامی و ئاسایشدا بچەرخێنێت. با ڕێگاندەین مایەپووچی ئەحزابی کوردی بەرەو هەڵدێرو نەهامەتیی پاڵمان پێوەبنێت. با چیتر بێ ئاسۆیی کوردایەتی چەواشەمان نەکات. ریفراندۆمێکی ئازاد ئیرادەی کۆمەڵگایەك یەکدەخات و کۆمەڵی نێودەوڵەتیش ڕێزی بۆ دادەنێ و پشتیوانی لێدەکات. ئەمە هەڵبژاردنێکی درووست و بەجێیەو نابێ دوودڵی تێدابکرێ. بەتایبەت کە بە هەموو بارێکدا تەرح و بەدیلەکانی ناسیونالیزمی کوردو حیزبەکانی تاقی کراوەتەوەو تا ئێستا جگە لە قووڵترکردنەوەی کێشەی کورد شتێکیان ئەنجامنەداوە.

2006-12-8

**تەجروبەکانی رابردوو نیشانیان داوە کەئاکامی سیاسەتی خۆبەستنەوە بەئەمریکاوە شکست وژێر پێنانی ماف و ئازادی و رزگاربوونی خەلکی کوردستانە لەستەمی نەتەوایەتی.. کەوایە وەرن بائەمجارە ریگانەدەین ئەحزابی ناسیونالیستی کورد شکستی سیاسەتەکانیان بەسەرئیمە خەلکی کوردستاندا بشکیننەوە.. وەرن باهەموو پیکەوە بلیین ، نابۆ بۆش وسیاسەتەکانی لەعیراق ، نا بۆرا پۆرتی بیکەر هاملتۆن! .. بەلێ بۆ ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان..!**




## ناو و ئەدرەسی ئەو شوینانەی دەتوانن بۆ بلاوکراوەی "نا" پەیوەندیمان پێوەبکەن :

ئاسۆ کمال
asokamal1@aol.com
0044+7760131203

خەسرەو سایە
K.saya@ukonline.co.uk
0044+7796257020

زمناکۆ عزیز / کوردستان
07701521852
zmnaco@yahoo.co.uk

شمال علی/ بەرپرسی ریکخراوی دەرەوە
shemalali@yahoo.com

سامان کەریم/
نوینەری ریکخراوی کوردستانی حیزب لەدەرەوە
zaryak@yahoo.com

جمال محسن / نەرویج
jamal_muhsin@yahoo.com

محمد غفور / هولندە
mgafor@yahoo.com

هیدایەت مەلا علی / دانمارك
hidayat_malaali@yahoo.com

عامر صابر / ئوستراليا
payman@ihug.com.au

دەشتی جەمال/ بریتانیا
d.jamal@ntlworld.com

کاروان لەتیف/سوید-یۆتۆبۆری
704853105 0046
Karwanlatif@yahoo.se

ئاراس رەشید / کەنەدا
0016132665428
aras1993@yahoo.ca

نەبەز سەلیم / سویسرا بێرن
0041 788130191
nabazselim@yahoo.com

جومعە عومەر علی سویسرا- جنیف
0041788783410

زانا عبدالرحمن سویسرا- بازل